# ڕووداوەکەی هەڵەبجە.. هەڵەیەکی مەزن و درویّنەی ساڵح موتڵەگ !

موحسین جوامێر

ڕووداوەکەی هەڵەبجە هەر کێ بەرپای کردبێ و کام لا ئاگرەکەی خۆش کردبێ و دەستی تێوەردابێت، هەڵەیەکە و پاکانەبۆکردنیشی هەڵەیەکی مەزنتری لێ دەکەوێتەوە..جا ئەم کارە چی بە ئەنقەست بووبێت یاخود هاکەزایی وعەفەوی.. جارێ کاتەکەی هەرچەندی بڵێیت ناڵەبار و نەگونجاو بوو.. نە هەلومەرجی ناوچەکە، نە ناسکیی بارودۆخەکە و نە گەورەیی و کاریگەریی ئەم بۆنەیە کە بووەتە ڕەمز و هێمایەکی جیهانی و مرۆڤایەتی، پاساو بۆ ئەم وێرانکارییە ـ بەتایبەتی لە ڕووی مەعنەوییەوە ـ لە خۆ ناگرن.. بگرە ڕێک بە پێچەوانەوە، هەم کوردی پێ سووک و دوژمنی پێ بەختەوەر کرد و خستییە حیلکەحیلک، هەمیش (بۆنە) کەی بێبایەخ کرد.. هەر دەتگوت خۆپیشاندانەکە بۆ ئەوە سازدرا بوو تا بە دنیا ڕابگەیەنرێت کە نە هەڵەبجە کیمیاباران کراوە و نە پێنج هەزار کەسیش شەهید کەوتوون، ئەوەی دەشگوترێ بانگەشە و فشەی بنەسڵاوەیە، ئەگەر واش بووبێت گۆڕی گیانیان بێت.! من یەکەم جار کە ئەم خەبەرەم بیست، ئەو هەستەم لەلا دروست بوو.!

وێڕای ئەوەش دەبێ بزانرێت کە دووکەڵ بێ ئاگر نییە و لەپاڵ ئەم کارە نادروست و ناماقووڵەدا، هۆکاری بابەتی و کاریگەر هەن و بەتۆمەت خستنە پاڵ لایەنی دەرەکی و دەستتێوەردانی دوژمن و نەیاران ـ ئەگەر ڕاست بێت ـ بەوەی گوایا ڕۆڵێکیان هەبووبێت، ئەم هەورە تاریکە نارەوێتەوە و بە مامەڵەی تووندیش کێشەکە چارەسەر ناکرێت، ئەگەر ئاوەکە لێڵتر نەکا و دڵان زێتر لێک بڵاوە نەکات..

لەدوای ڕووخانی سەدام، باشووری کوردستان بە تەواوی پشتگوێ خرا و بێخاوەن مایەوە.. تا ئێستە سەرکردەکانمان نە ئێراقیان پێ چاک کرایەوە، نە ماڵی خۆشیان پێ ڕێک خرا و نە هێشتیان خەڵکی دیکە لە بەردەشۆرکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەشدار بن. کوردستان دراوەتە دەستی قەدەر، کەس نازانێ داهاتووەکەی ـ بە کەرکووکەوە ـ بەرەو کوێ دەڕوا و کورد لەم ململانێیەدا بەچی دەگا و دەسترەنجی وی چیی لێوە شین دەبێت.. ئەوەندەی نازی نەیاران ڕادەگیرێ کە هەمیشە ناحەزن و پیلانەکانیان نەشاردووەتەوە و لە دژایەتیکردنی کورددا هەموو دەمێ دەستیان لەسەر تیسکەی تفەنگ دایە، ئەوەندە ئاوڕ لە گەلەکەیان نادرێتەوە و لە بڕیار و هەڵوێست وەرگرتندا چی بۆ ناوەوەی کوردستان و چی لەگەڵ بەغدادا، گەل بووەتە خاڵی دەستەچەپ و پشتگوێ خراوە. پیاوی ڕۆشنبیر و زانا و لایەنی خەمخۆریش لە ترسی ئەوەی خراپتر لە پاشتر ڕوونەدات، بە چاوی ئەبڵەقەوە بێدەنگ ماونەتەوە و دەستیان ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت و ناچارکراون لە جیاتی برێشکان بەرد بکرۆژن.

گریمان تا ئێستا زۆر هەنگاوی بنیاتنەرانە بۆ هەموو گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان نرابێت و سیمای پێشکەوتن زۆر شوێنی گرتبێتەوە، وەلێ تاکە مۆرکی شارستانی و پێشکەوتن لە هەڵەبجەدا ئەو کۆشکە بوو کە بۆ یادی شەهیدان دامەزرا بوو و ئەویش بە دەستی ئەولادی کورد لەگەڵ زەویدا تەخت کرا.! بۆ زیندووانیش، چ شتێکی ئەوتۆ کە سەرنجڕاکێش بێت نە دێتە بەر زەین و نە بیستراوە.

شارێکی وەکو هەڵەبجە کە چووە ناخی مێژووەوە و ئەسڵەن مەسەلەی کوردی پێ ناسرا و سەری دکتاتۆریشی پێ خورا، دەبووایە سەرلەنوێ دروست کرابایەوە و بایەخێکی هەرە تایبەتیی پێ بدرابایە و لەو ماوەی پازدە ساڵەدا شەقڵێکی نوێی شارستانی و زانیاریی بە خۆیەوە دیبا، کەچی بڕوا ناکرێ تەنانەت کۆلیژێکی تیدا بنیات نرابێت.

کەم تا زۆر، من ئەگەرچی ئەم کارە بە تایبەتی لەم کات و ساتە هەرە ناسکەدا بە پەڵەیەکی شەرم و ڕەشی دەزانم بە نێوچەوانی کوردا، حەز ناکەم بیریشی لێ بکەمەوە و تەنانەت دیمەنە ئابڕووبەرەکەش ببینم، چونکە بەپیرەوەچوونێکی

یەکجار قێزەون و بێزەوەر و داچڵەکێنەر بوو.. وەلێ لەوە دەترسم لەوەبەدواوە دراوی ساڵح موتڵەگ ویارانی لە بازاڕی سیاسیی کوردەواریدا بەبرەوتر و بەروبوخچەی بەهانەیان پڕتر بێ و هەستی کوردستانییەت لە دڵاندا لووزە و ماڵئاوایی بکا و سەبارەت بە دوورنەبینیی باوک و ئەولادانی کورد، ئەگەر لە هەڵبژاردنی ڕابوردوودا ( 800 ) دەنگی درووبێتەوە کە هێشتا زۆر زوو بوو، ئەوا لە هەڵبژادنی داهاتوودا لە ( 800000 ) هەزاریش تێپەڕ بکات.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستچنییەکی نووژەنی دیکەی سەردەمی نوێیە لە کوردستاندا.. ئەگەرچی بۆی هەیە ـ ئەم بۆچوونە ـ ئێستەکێ بە پێشبینییەکی خێرا وناوەخت لە قەڵەم بدرێت..!

mohsimjwamir@hotmail.com